کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 24-4-2007 1:41

## سەرۆکی ئێراق و سەرۆکی کوردستان.. تاکەی و بەنیازی کێ کەمتەرخەمی دەکەن؟! ... دانا ڕزگار

بێ پێچ و پەنا لەبەردەم زاتی ئەم گەلەدا چی دی چلۆن ئەتوانن خۆتان لە مەسەلەی ئەنفال بشارنەوە، تا کەی بی دەنگ ئەبن لە ئاست ئەو هەموو حساب نەکردنەدا بۆ خەڵکی باشوری کوردستان و پاشماوەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و پاشماوەی (ئەنفال)، ئەوە هەر لە گەندەڵی مەپرسەو خەریکە ئەبێتە یاساو کلتور کە لەتەلەفزیۆنەکانەوە بڵێن، بێگومان گەندەڵی هەیە و دەست بەستراو بووەستن، ئێوەی بەرپرس دوو کورسی بەدەستانەوەیەو خەڵك چاوی زاق بووەتەوە لەئاستی کارە هیچەکانتاندا، ئێوە لەشەڕەکەی نێوانتاندا لە95-94 نزیکەی 4 هەزار لاوتان کوشت، ئەوە تاوانە! چۆن قەرەبووی ئەو لاوانە دەکەنەوە؟ پێویستە ئاگاتان لەچارەنووسەکەی سەدام بێت، ئاخر ئێوە ناترسن ڕۆژێك هەمان دادگا لێتان بپرسێتەوە: بۆ ئەو هەموو خەڵکەتان بەکوشتدا؟ ئەگەر لە خۆڕایی خەڵکی کوردستان لەناوبەرن ئەوا هەر ئەنفال و هەڵەبجە بایی پولێکە و جارجارە بۆئەوەی ساتێکیش حەز بکەن خەم بخۆن چەندین کار دەکەن بۆ یادکردنەوەی بێ ئەوەی بەدەم ئەو خەڵکەوە بێن! بێ ئەوەی سەردانێکی ئەو خەڵکە بکەن، بۆ بەجووتە سەردانی هەڵەبجە دەکەن و پێتان ئەلەرزێ بێنە رزگاری (سمود) چونکە ئەزانن خەڵکی گەرم



بوونەو دەتەقێنەوە بە ڕووتاندا، وەکو عەبدوڵلا پەشێو ئەڵی: لەجیاتی سێو و خواردنەکانی کۆبوونەوەکانتان پیویستە ئێسك و پروسکی ئەنفالکراوەکان لەپێشتاندا بێت، ڕەنگە شاعیری گەورەمان مەبەستی لەئێسکی کوژراوانی شەڕی ناوخۆش بێت.

جەلال تاڵەبانی کە خۆی بەدڵسۆزێکی کورد دەزانێ و سیاسەت بەفەن و درۆ دەزانێ، سەری گێژماوە لەکارەکانی خۆی چونکە بۆ دووجار لێی پەشیمان دەبێتەوە، هەر لەم ماوەیەدا بەتورکیای وت: ئێوە یارمەتیم بدەن من هێزەکانی (پەکەکە) تان بۆ لەناو دەبەم! ئەمە کەی دڵسۆزییە؟؟ مەسعود بارزانی کە سەرۆکی هەرێمە تا ئێستا لەدوای شەڕی ناوخۆوە نەیتوانیوە سەردانی ناوچەی گەرمیان بکات، ئیتر ئەم خەڵکە دڵ بەچیتان خۆش کا؟..
ئێوە یەکێکتان خەریکی کوردایەتیەو یەکێکتان خەریکی عەرەبایەتی، مەسعود بارزانی جەنابتان کە خەریکی هەڕەشەن لە تورکیا ئەبی هێز و سوپایەکی وەهات هەبی بتوانی بەرەنگاریان ببیتەوە، ئەگینا تورکیا بۆی هەیە کوردستان داگیربکات، بۆ نا؟ ئەو یەکێکە دەوڵەتانی ناتۆ و داوای هێزی زیاتریش لەو دەوڵەتانە بکات و بەناوی لێدانی PKKەوە کەرکوکە حەیاتەکەشمان ببات، جەلال تاڵەبانیش لەملاوە خۆی بەئاغا دەزانی خەریکی پاکانەیە، قسەی وا دەکا خەریکە دیسان ناکۆکی لەنێوان یەکێتی و پارتیدا دروستدەکاتەوە، وەکو وتم زۆر را رایەو زوو رای خۆی دەگۆڕێ، سەرۆکی هەرێم گەر بەنیازی مانەوەی ئەمریکا بیت، ئەوا ئەمریکا خەریکە بای بایمان لی دەکا، ئەو کات خۆ هێزی نیشتیمانی عێراقی ئامادەیی شەڕێکی دۆڕاو نابی لەپێناو کورددا، هەرچەندە هێزی کورد لەبەغدا خەریکی بی عەقڵییە، ئێوە تا کەی واز لەم گەمە سیاسیەی خۆتان ناهێنن، یان گاڵتە بەخەڵکی کوردستان دەکەن یان بەخۆتان دەیکەن، بەچی هۆیەکەوە دەتوانن بەرەنگاری هێزی تورکیا و ئێرانیش ببنەوە، کەوا لەسەر سنورەکان خەریکی خۆئامادەکردنن، لەیادی ئەنفالدا با جارێکی تر کورد ئەنفال نەکرێتەوە، ئێوە لەسەر دەستەڵات دوور بکەونەوە و کورسیەکانتان بۆ گەنج بەجێ بێڵن، بۆ گەنجی پاشماوەی ئەنفال و هەڵەبجەو شەڕی ناوخۆ، زۆربەی سیاسەتەکانتان دۆڕاوە، سیاسەت فەن نییە، قۆڕ بەسەرییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.